# ٣٨ پارلەمانتاری کوردستان داوای هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئیعدامی زیندانیانی سیاسی و مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن

**تایبەت  بە چاودێری کوردۆساید  تازە کراوەتەوە**

**٣ کریستان، ١ تورکمان، ١ شیوعی، ١ یەکگرتوو، ١ سۆسیالست، ١٠ گۆران ، ١٢ یەکێتی و ٩ پارتی لەناویاندایە**

**هەندێک لیست و ئەندام پارلەمان ئامادە نەبوونە واژۆ بخەنە سەر بەیاننامەکە**

**لە درێژەی هەڵمەتی ڕاگرتنی سزای لە سێدارەدان دژ بە چالاکڤانی  کورد  لە ڕۆژهەڵاتی  کوردستان , چاودێری  کوردۆساید هەڵمەتێکی پێشەنگانەی  لەو بوارە لە سەرتاسەری جیهان ئەنجام داوە .**

**پارلەمانتارانی کوردستانیش وەک  بەشێک گرنگ لە جەماوەری کوردستان هەڵوێستێکی نیشتمانی و مرۆڤ دۆستانەیان گرترتەبەر , لە سەرەتای کەمپینی پارلەمانتارانی کوردستان ٢٩ پارلەمانتاری تێکۆشەر  و مرۆڤ دۆست  هەڵوێستی مرۆڤدۆستانە و کوردپەروەرانەیان لەو ئاستەیا وەر گرتووە , ئێمە وێڕای سوپاس و پێزانینمان بۆ برا ئاشوور و تورکمانەکان , لێرەوە ئەوپەڕی ناڕەزایەتی خۆمان بەرامبەر ئەو لیست و  پەرلەمانتارانە دەربڕین کە ئامادە نەبوونە واژۆ بخەنە سەر بەیاننامەکە، لێرەدا دەقەکەیتان بۆ بڵاو دەکەینەوە:**

-------------------------------------------------------

## بۆ ڕای گشتی جیهانی

## بابەت : ڕاگرتنی حۆکمی ئیعدام

ئێمە ئەندامانی پارلەمانی کوردستان نیگەرانین بە لە سێدارەدانی چالاکڤانانی مەدەنی و سیاسی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان وە داوا لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەین کە بە شێوەیەکی مەدەنیانە مامەڵە لەگەڵ ئەو زیندانیانە بکات کە بە لە سێدارەدان حوکم دراون وە لە بەر ئەوەی جیهان بەو ئاراستەیە دەڕوات کە حوکمی لە سێدارەدان نەهێنێت لە سەر ئاستی جیهانی وە بە پشت بەستن بە بنەماکانی رێککەوتنامە نێو دەوڵەتییەکان کە تایبەتن بە رێز گرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە ناویشیاندا مافە مەدەنی و سیاسییەکان ,بۆیە داوا دەکەین لە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئەم حوکمی لە سێدارەدانە کە بۆ ئەم چالاکوانانە دەرچووە هەڵوەشێنێتەوە , داواش لە رای گشتی جیهان دەکەین کە داوا لە حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم حوکمە .

**ناوی ئەندامانی پارلەمان کە واژۆیان خستۆتە سەر**

١- هاژە سلێمان
٢- د.سەروەر عبدالرەحمان
٣- د.بەشیر خەلیل حەداد
٤- گەشەدار جەلال حەفید
٥- شەونم محەمەد غەریب
٦- سالار مەحمود
٧- پەیام ئەحمەد
٨- پەیمان عزەدین
٩- ڤیان عبدالرحیم
١٠- ناسك تۆفیق
١١- بەفرین حوسێن خەلیفە
١٢- سۆزان شەهاب نوری .
١٣- پەیمان عەبدالکەریم
١٤- سائیر عەبدوالئەحەد

١٥- ئەمیر گۆگا

١٦- سەمیرە عەبدوڵا

١٧- عەلی فەیلی

١٨- ئاسۆ کەریم

١٩- سەبیحە ئەحمەد مستەفا

٢٠- د.زانا رەئوف

٢١- عیماد محەمەد

٢٢- پێشەوا تەوفیق

٢٣- کاردۆ محەمەد

٢٤- د.رەفیق سابیر

٢٥- سیوەیل عوسمان

٢٦- کوێستان محەمەد

٢٧- شێردڵ تەحسین

٢٨- گۆران ئازاد

٢٩- خەلیل عوسمان

٣٠- سالم تۆما

٣١- ئاسۆ عەزیز

٣٢- د.عومەر نورەدینی

٣٣- د.ئاراس دارتاش

٣٤- محمد دلێر محمود

٣٥- بیریڤان سەرهەنگ

٣٦- نیشتمان مورشید

٣٧- لاڤە ئەحمەد

٣٨- زکیە ساڵەح

بۆ پەیوەندیکردن بەڕێکخەری هەڵمەتەکە

لە پارلەمانی کوردستان

هاژە سلێمان : +٩٦٤٧٥٠٤٤٧٨٤٦٤